# ناوم بنێن ماڵەوە

بە شی دووەم

جەلال بەرزنجی

27-10-2005

53

سێبەری با ,

لە ئاودا نە هاتەوە !

54

حەزناکەم وەك پاشایەك ,

لە کۆشکێك ,

تەنیایم پیس کەم

55

ئەو پەنجانەم نەبینینەوە ,

کە شەو رۆژ ,

تاك تاك

لەناو سەرما

نوێژیان دەکرد

56

دەمەوێ لە گەڵ فرِیندا

برِۆم

بۆ گێرِانەوەی هێزی خەیاڵ

بۆ ناو ژیان

57

**تاراوگەکەم ,**

**لە هەموو شتێك زووتر ,**

**گەورە د ە بێت**

58

**شیعر هەمووماني ,**

**لە دەورو بەری ژیان هێشتەوە**

59

**شەڕیش تەواو بوو,**

**منداڵەکانی (کەمپەکان)**

**لە دەوری ئاگردا ن**

**لە سەر خۆڵ**

**نەخشەی نیشتمان دەکەن**

60

**ئاسۆ**

**ئاژاوەی پێش خۆر ئاوا بوونی**

**لە گەڵ خۆی نە برد**

61

**شوا ناتیەکەی ,**

**تا خوارەوەی ژیان نەبوو**

62

**سەری بەرزی چیا**

**بۆ کەم کردنەوەی ,**

**سەربەرزی خودا نیە**

63

**کازیوە,**

**له ناو تەمی بەیانیدا ون بوو**

64

**من**

**و**

**ئەو**

**له شیعرێکدا**

**دەبینەوە**

**یەك**

65

**منداڵێك ,**

**له (کەنەدا)**

**بیری زمانی دا یکی دەکرد**

66

**خودا لە ترسی مروڤی ئەمرۆ**

**دوورتر دەڕۆیشت**

67

**بۆ ساتێکیش بێت ,**

**ئاینده بخوازەوە**

68

**یادەوەریەکانم ,**

**له زمانی سێیەممدا**

**پەرتەوازەبوون**

69

ئەمشەو

چیرۆکەکانی دا پیرەم

نەیان خەوا ندم

70

شەڕ بوو ,

منی لە بروسکە خێرا تر

هێنا ئێرە

71

بۆ زیندوو کردنەوەی روح

دەچمەوە لای ,

کاتەکانی زوو

72

هەستم

لە مەرەکەب خێرا تر

رژا یە سەر پەڕەمووچە

73

رێگاکان ,

بەناو زەوی دا ناڕون

بە ناو دڵاندا دەڕۆن

74

لایتی ناوەوت

رووناك ترە

75

ئۆی..

خودا یە

76

پڕاو پڕی بنەوەی ژیان

شیعری تەڕە

77

ئەوەندە سەیری ئاسمانم کرد

سەرم بووە نیشتمانی

ئەستێرەکان

78

ئاو

و

ژیان

وەستابوون

پشوویەك بدەن

79

ئەو گەڵایانەی لە دەورو بەری

رێگاکان کەوتبوون

بوون بە شوێن پێی هەمیشەیی

80

هەمووومان بە بەلەمێکی ,

بچووك هاتین

81

شەوێك

نەبوو

لێفەکەم پێدانەداتەوە

82

**تا ئێستا ,**

**خۆر بە زەوی نەگوتووە**

**چە ندەم قەرزاری**

83

**ئاسمان**

**سوور بوو**

**گوڵەکانی دوای نیوە رۆش**

**شین**

**شین بوون**

84

**هێزەکان**

**هەیشتا نەبووینە خەون**

85

**رامان**

**رەنگە جێ ماوەکانی**

**ئاوابوونی**

**هێنا ناو پەرداغ**

86

**ئەمشەویش**

**لەناو**

**شیلەی رژاوی**

**ئەم چیمەنە دەخەوم**

87

87

رووبار

و

پایز

پێکەوە مات بوون

88

خودا دیارنەبوو

یەکەم جار بوو

لەشمان ئازاد بێت

89

فریای رەنگ کردنی هیچ نەکەوت

90

لە ناخمدا

هەمیشە یەك کات هەیە

91

گومانی ئەو نوێژەی

لە سەر ئەم بستە خاکە دەمکرد

نەیگە یاندمە یەقین

92

لە کۆتایدا ,

جوانترین راستی دەدەینەوە خاك

93

لە گەڵارێزان

سروشت

زنجیری پاڵتۆکەی دادەخات

94

خەتای من نەبوو

خەتای با بوو

لە هیچ شوێنێك ئۆقرە نەگرم

95

بەخۆم

و

چرای

هونەری

ناخم

هاتمەوە

گەر تۆش دەتەوێ

وابێتەوە

سەر لە گەڕەکی منداڵی مەبڕە

96

با هەورەکانی ,

لە شوێنی خۆیات هەڵقەناندوو

خۆشی چووەوە دەربەند

97

جوانی ناودڵمان

وناشیرینی

ناو دەممان

هەرا شەڕیانە

98

ئێستا

کاتێکی گونجاوە و

بۆ ئەوەی

لە باوەشتا بخەوم

99

خودام

بە خەونەوە بینی

100

لە نوێژ پەرت بوون

ونم کردی

نوێژی خڕکردنەوەشم چوو

101

شەڕ

خرا پی پەرت کردین

102

کتێبی یادەوەریەکان

منیان گۆڕی

103

دەمەوێ

بە نوێژێکی خۆماڵی

دوعا بۆ نیشتمانم بکەم

104

کەسمان بە قەد درەخت

خودا نابینین

105

مانگ,

لە سەر درەختەکان

لە گەڵ خەونەکانم

دووبارە دەبنەوە

106

ئەو خەونانەی

لە ناو

ئاوێنەی

گەنجیدا

لیم جێ مان

نەمبینینەوە

107

خەیاڵت

لە باڵندە

خێرا تر

دە فڕی

108

**من**

**و**

**سێبەر**

**پێکەوە**

**رۆیشتین**

**و**

**پێکەوە**

**نەهاتینەوە**

109

**خودا**

**لایتی ئاسمانە**

110

**درەنگیش بێت**

**دەچمەوە ماڵەوە**